ناساندنی کتێب:

# گوتاری ناسیونالیزمی کوردی

## عەتا قەرەداخی

نووسینی: **هەڵۆ بەرزنجەیی**
26.6.2010 بەرلین




کاک عەتا قەرەداخی بە جیاواز لە زۆربەی رۆشنبیر و خوێندەوارانی ئیمڕۆی باشووری کوردستان ساڵانێکە پەیتا پەیتا کتێبی نوێ و دانسقە دەخاتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە. گرنگی کارەکانی کاک عەتا هەر لە خودی نووسین و بەرهەمە فرە رەنگەکانیدا نییە، هێندەی لە سەنگ و بەها و بایەخی خودی ئەو بابەتانەدایە کە نووسەر هەڵیاندەبژێرێت. جیاوازی کایەی کارکردنی برای نووسەر لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بۆ قوڵی و هەستیاری بابەتەکانی دەگەڕێتەوە. کاک عەتا بەخەستی و بە شێوەیەکی بابەتییانە و لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و لێکدانەوەیی خۆیی سەرگەرمی باسەهایەکە، کە هێشتا لە نێو پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا بە

هەزاران پلان و فروفێڵ گەمارۆدراوە و تۆمەتی نابەجێیان داوەتە پاڵی و رۆشنبیرانیان پێ تۆقاندووە و لێ تۆراندووە. ئەمەش وای کردووە کە ئاوڕی پێویست لەم کایە هەرە گرنگەی کوردبوونمان نەدرێتەوە. هەر بۆیەکا قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە چەشنی وروژاندنی باسە تابۆکان تەماشا دەکرێت و ئازایەتییەکی ئەدەبیش هاوشانێتی بۆ دڕینی پەردەی شەرمە نەزۆکەکان و بەرپەرچدانەوەی چەمۆڵەی ناحەزە سەرلێشێواوەکان.

لێکۆڵینەوە و راڤەکردن و لێدوان لە پرسەکانی: گوتاری کوردی، کەسێتی نەتەوەیی کوردی، دەوڵەت، فاکتەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، خەونی سەربەخۆیی، عەقڵێت و رۆشنبیریی کوردی بەشی هەرە بنجی و سەرەکیی ووتار و باس و بەرهەمەکانی کاک عەتا پێکدێنن.

نووسەر پێش ئەوەی پەنا بۆ تیۆریی و دەقە ئامادەکراو و قسە و بۆچوونەکانی نێو کتێبخانە جیهانییەکان بەرێت، دێت لە ماڵە وێرانەکەی کورد خۆیەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و بە چاوی کامێرا واقعی کۆمەڵگاکەی خۆی سەیر دەکات. لێرەشەوە پلە بە پلە لەگەڵ قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن و ئاستەنگەکانی بەردەمیان و کەماسییەکانیان دەکەوێتە گفتوگۆ و توێژینەوەیان و لێیانەوە بەرهەم و ئاکامگیریی دەخاتە بەردەست خوێنەری کورد.

کارەکانی قەرەداخی لەم هەلومەرجە قەیراناوییەی رۆشنبیر و رۆشنبیریی کوردی تیا خول دەخوات، شایستەی ئیستێکی پڕ بەخۆیەتی.

هەڵبەت قسە لێرەدا ئەوە نییە ئێمە کتومت هاوبیر و هاو رای بۆچوونەکانی کاک عەتا بین، بەڵکو مەبەست زیاتر لە ئاماژەدانە بە گرنگی و سەختی ئەو باسانەی نووسەر پێیانەوە سەرگەرمە. بە درێژایی ئەو باسە هەمەجۆرانەی نووسەر تا ئێستا بەرهەمی هێناوە کۆمەڵێ پرسیاری لەسەرەڕێ پرسە هەستیارەکاندا وورووژاندووە و خۆیشی سەراسۆیانە وێڵ و عەودالیانە.

کاک عەتا پێویستی بە ناساندن نییە، ئامادەگی بەردەوامی لە رێگای نووسین و چاوپێکەتنی تەلەفزیۆنی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بە نرخ و ئەنجامدانی وەرگێڕانی کتێب و بابەتی دانسقە بە هەموو خوێنەرێکی ئاشنا کردووە.

دوا بەرهەمی نووسەر بە ناوی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی \ بەرگی یەکەم سلێمانی 2007 لە چاپخانەی رەنج و لە دووتوێی 520 لاپەرەدا سەرنجلێدانێکی شایانی پێویستە. ئەم کورتە نووسینەی من هەم ناساندن و هەم خوێندنەوەیەکی رەخنەئامێزە و هەر شوێنی بە پێی سەلیقەی خۆم پێویستی بە تێبینی و رەخنەلێگرتن و بۆچوون لەسەردان بێت کردوومە و بەشێکی تریشی کاری شارەزا و پسپۆڕانی خەمخۆرە. جگە لەوەی سەرجەم بابەت و ناونیشان و باسەکان زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرن، کە من لەسەری کارم کردووە. هیوادارم کاک عەتا بە سنگێکی فراوان و دۆستانەوە لێم وەرگرێت.

دەستپێکی بەرهەمەکە بە پێشەکییەکی چڕ و پڕ لەسەر گوتار و مێژووی گووتاری نەتەوەیی کورد دەستپێدەکات. لێرەدا باس لەو گووتارانە دەکات کە هەڵگری هزر و زانیاریی و جیهانبینی نەتەوەیین و کۆمەڵێ توخم و رەگەز لە بونیاتیاندا رۆڵ دەگێڕن.

لە بەشی یەکەمدا... گوتاری کوردی و مێژووی دەرکەوتنی و پایەکانی گوتاری کوردی بەسەر دەکاتەوە. لێرەوە باس لە رۆڵی رەگەزی زمان و بایەخی زمانی کوردی لەم

هاوکێشەیەدا دەکات. بەلای نوسەرەوە راستە زمانی کوردی هێشتا ناوچەییە و نەبۆتە زمانێکی ستاندارد، لەگەل ئەوەش بەرگەی هەزاران هەڕەشەی گرتووە و تایبەتمەندێتی خۆی هەر پاراستووە و بە کزیش بێت بەشداری لە بیناکردنی گوتاری لاوازی کوردیدا کردووە. نەبوونی زمانێکی یەکگرتووش کە کاریگەرانەتر بەشداری لە پرۆسەی گوتاری نەتەوەییدا بکات، دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی. کوردیش لەمێژووی نوێی خۆیدا هەتا ئێستا دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و رەهای نەبووە بڕیاری نەتەوەییانە لەسەر ئەو پرسە گرنگانەی وەک زمان بدات. ئیدی نووسەر ووتەنی دەرکەوتنی گووتاری نەتەوەیی دەبێت بە زمانی کوردییەوە ببەستینەوە و ئینجا باس لەو زمانە بکەین کە مانا و بیرکردنەوە و تێڕوانینی کوردانە ناوەڕۆکی گوتاری نەتەوەیی پێکدێنێت.

دوای گەشتێکی وورد بە رووداوەکانی مێژووی کورددا، نوسەر دەگاتە ئەو بڕوایەی کەوا گوتاری باڵادەست لە رووبەرێکدا کە رووبەری جوگرافی و ئەنتۆلۆژیای کوردە گوتاری بێگانەیە. ئەم بۆچوونە دەشێ راستییەکی تێدا بێت بەڵام هەقیقەتی تەواوی نە پێکاوە. ئێمە لە میانەی وڵات داگیرکراویماندا، بارستاییەکی زۆری مێژوومان فەوتاوە یان ئیمڕۆ دەسەڵاتداری دیکە بوونەتە خاوەنی. ئەوەی ناوی شارستانێتی و ئاینیشە لە ناوچەکەدا ئێمە وەکو کورد بەشداری گەورەمان تێیاندا هەیە. تەنها ئاماژەدان بەو راستییەی ئاڤێستا وەک دەقێک بە زمانی کوردی نووسراوە و کۆمەڵێ بەرهەمی دیکەش کە خەریکی ساخکردنەوەین بەڵگەن لەسەر ئەوەی زمانی کوردی ئامادەگی هەبووە و هەیە، ماوەتەوە ئەرکی سەر شانی مێژوونووسان و رۆشنبیرانە ئەو لاپەڕە وونبووانەمان بۆ زیندوو بکەنەوە. کورد کاتێ خاوەنی ئەم دەقە نوسراوانە بووە دەشێ میللەتانی دیکەی ناوچەکە هێندەی کورد خاوەنی نووسین نەبووبن یان هەر نەبووبن. بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر ئاڤێستای ئایینی زەردەشتی دەکرێت.

برای نووسەر باس لە نەبوونی دوو پایە و فاکتی گرنگی گوتاری کوردی لە رابردوودا دەکات. یەکەمیان فیکر و دووەمیشیان شارستانێتییە و فاکتی عەقڵ وا لە پشت ئەم دوو کۆڵەکەیەوە و هەڵبییان دەسوڕێنێ. دەرئەنجامی ئەم راستییانەش دەڵێ: گوتاری کوردی هەتیو و بێ رەگە. ئاخر لێرەشدا جاریکی دیکە برای نووسەر ئامارژە بە دەردی بێدەسەڵاتی و نەبوونی دەوڵەت لای کورد ناکات. شاڵاوی داگیرکەران زۆر دڕندانە و کاریگەریی هێزە بێگانە و فاکتە دەرەکییەکان لەسەر دەسەڵاتی کوردی هێجگار بەهێزتر بووە. با تەماشای دەسەڵاتدارێتییەکانی بابلی و ئاشوری و شەپۆلی ئیسلامی و شاڵاوی هاتنی عوسمانی و قاجاری و سەفەوی و کەمالیزم و بەعسیزم بکەین و راستییەکانیان پێ بەراورد بکەین.

لە کام عەقڵدا جێی ئەوە دەبێتەوە تا ئێستا کە سەدەی 21 زانییە نەتەوەیەک زمانی قەدەغە بێت!؟ هەبوونی نکۆڵی لێ بکرێت و بوونی هەڕەشەی لەناوبردنی لەسەر بێت!!؟؟ لای هەر هاووڵاتییەکی ئەم دنیایە ئەم چیرۆکە باس بکە جگە لە تورک و عەرەب و فارس سەریان لەو زوڵمە بێوێنەیەی لەسەر کورد هەیە دەسووڕمێت!!.

کاک عەتا سەرهەڵدانی گوتاری کوردی بە بازنەی داخراو و بەرتەسکی شیعرەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش رێی تێدەچێت بەوەدا کە سەرچاوە شیعرییەکان خێرا و بە زۆری بڵاوبوونەتەوە و لەلایەن خەڵکەوە بە زوویی لەبەرکراوە و داگیرکەر کەمتر دەستی پێیان

گەشتووە لە چاو سەرچاوەکانی دیکەدا. هەروەک خودی نووسەریش ئاماژەی پێداوە. هەموو قورسایی گوتارە بێگانەکان نەیانتوانیوە سروتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری گەرچی ناکۆکیش بوون لەگەڵ خۆیاندا لەناو بەرن. بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت دیاردە کەلتوورییەکان، کە پێداویستی ژیانی رۆژانەی کوردبوون فشاری توانەوە دەرەقەتیان نەهاتووە و کورد توانیویەتی بیانپارێزێت. پاشان نووسەر زیرەکانە لە درێژەی نووسینەکەیدا دەگاتە ئەو هەقیقەتەی کە یەکێ لە هۆیەکانی لاوازی گووتاری کوردی لە کۆنەوە هەتا هەنووکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گوتاری کوردی لەژێر کاریگەرێتی سەرچاوە نا کوردییەکاندا بووە.
هەڵبەت واقعی داگیرکراوی و دابەشکراوی و دەستێوەردانی بێگانە لە بارودۆخی ناوماڵی کورد و فەوتاندن و سڕینەوەی هەموو شتێکی کوردی و سەرکوتکردنی هەر جوڵە و بزاوتێکی کوردانە، دەرئەنجامەکەی ئەوەیە وەک کاکی نووسەر بۆی چووە، کورد هیچ کەرەسە و سەرچاوە و مەتریالێکی نەماوە، پەنای بۆ هی بێگانە بردووە تا هەر نەبێت خۆی لەسایەیدا پەنا بدات و بەرگەی شالاوی دڕندانەی ئێرە و ئەوێ بگرێت و بتوانێ بەهەر شێوەیەک بێت پارێزگاری لە خۆی بکات و بمێنێت. ستاتووی داگیرکراوی و دابەشکراوی و گەمارۆدان و هەڵکەوتی تۆپۆگرافی کوردستان دەبێت بە هەند وەربگیرێت و لە رەهەندە قورس و گران و سەختەکانی و کاریگەرییە نەرێتییەکانی لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی حاڵی بین. مرۆڤێک دەست و قاچی ببڕن و کەوتبێتە بەر پێلەقەی سێ چوارێکی دیکە، توانای هەڵسانەوە و مانەوەی دەچێتە دنیای مەحاڵەوە.
کورد گەر خاوەنی بەڵگەنامە و ئەرشیفخانەیەک لەمەڕ رابردوویەوە نەبێت، جێی سەیر نابێت. وەک دەزانین هەتا هەنووکەش مۆزەخانەکانی کوردستان سنگ و کەللەی هاوولاتییانی کوردستان و کونج و تاقە تاریک و گۆڕستانەکانە. ئەوەی پارێزراویشە هەر لێرەوە وەرگیراوە و بە ئێمە گەشتووە. دەنا کوا دامودەستگای تایبەت و زانستگا و پەیمانگای سەربەخۆ و دەیان ئینیستیتووتی تەرخان لەم بوارەدا کار بکەن بە لێکۆڵینەوە و پاراستنی کوردۆلۆگییەوە سەرگەرم بن. هەربۆیەکا گەلەک جاران قسە لەسەر موعجیزەی مانی کورد نابێتە زیادڕەوی.
ماموستا هێمن سەرگورشتەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ساتێ لەدەمی جەنگی جیهانی ددوەمدا لە رێی فرۆکەکانی شوورەویەوە هەواڵی هاتنی ئوردووی سوور بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و ئێران بلاودەبێتەوە، هێمن بە خۆشی و هەڵەداوانەوە بەیانەکە بۆ باوکی دەباتەوە و دەیەوێ مزگێنی هاتنی ئەو لەشکرەی بداتێ. کەچی باوکی بە ساردی و نیگەرانییەوە هەواڵەکەی لێ وەردەگرێت و بە دەم خۆیەوە دەڵێ < هەرزن و بزن، چیایە مەزن> . بەو واتایەی بۆ خۆپارێزی رووەو چیا هەڵدێن.*
لە بەشی پایەکانی گوتاری کوردی دا کاک عەتا پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت و دەپرسێ: ئایا بە گوێرەی کورد وەکو ئایین کام لەم دوانە دەبنە بنەما و پایەی گوتاری کوردی، هەمان مەنهەجی فیکری و عەقلی کە ئیسلام هێناویەتی یان مەنهەج و فکر و عەقڵێکی تر کە ئایینی زەردەشتی هێناویەتی، یان مەنهەج و عەقڵ و لێکدانەوەیەکی تر لە پاڵ ئیسلامدا کە تەسەوفی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدەدا هێناویەتی؟

دیاره هەروا بەسانایی وەڵامێکی ئەم پرسیارانەمان چنگ ناکەوێت. دەبێت لە جوگرافیای ڕۆشنبیریی کوردیدا رووبەرێکی فراوان بۆ کارکردن لەسەر ئەم تێزانە تەرخان بکرێت، ئەوجا دەکرێت گەڵاڵەی وەڵامێکی گرد و کۆمان لا دروست بێت.

بەشی دووەم ... گوتاری کوردی لە شکستی ئایینی زەردەشتییەوە بۆ سەرهەڵدانی نووسینی کوردی. ئەوەی لێرەدا شیاوی ئاماژە پێدان بێت ئەوەیە کە زەردەشتێتی لەتەمەنێکی کورتدا باڵادەست بووە و دەسەڵات کاری پێکردووە، دوای لەدەستدانی دەسەڵاتەکە ئیسلام بە زەبر و هێزێکی گەورەوە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەواری داوە. چیرۆکی هاتنی سەرلەشکری ئیسلام خالیدی کوری وەلید و داگیرکردنی کوردستان و کاولکردنی پەرستگاکانی زەردەشتی بەڵگەی زیندووی سیاسەتی کاولکاری ئیسلام بووە لە کورستاندا. دەگێڕنەوە کاتێ خالید دەچێتە پەرستگاکانەوە چەندان کتێبی بەردەست دەکەوێت و چاوی بە کتێبخانەی مەزن دەکەوێت. وەک لە پەیامی ئیسلامدا دانی پێدا نراوە هەموو ئاینێک کەخاوەنی کتێبی پیرۆز بێت رێزی لێدەگیرێت و هەڵگرانی ناچار دەکرێن <جزیە> بدەن... خالید هەواڵی دەستبەسەراگرتنی کتێبخانەکان بۆ خەلیفە ی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب دەنێرێت. عومەریش بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: گەر لەوانەی خۆمان ناچێت نامانەوێ و خۆ گەر لەوانەی خۆشمان دەچێ خۆمان زۆرمان هەیە و پێویستمان بە هیچی دیکە نییە.

بە درێژایی ئەو ماوەیەش لە ساڵی 610 کۆچییەوە هەتا هەنووکە، زەردەشتێتی بەر گورزی هێزەکانی دەرەوەی خۆی بە تایبەت ئیسلام دەکەوێت. بەم پێودانگە گەلێک لە بنەماکانی فەوتاون و شێوێندراون. ئەوەشی تا ئێستا زانراوە ئاڤێستا چەند نوسخەیەک بووە و لەچەند پەرستگایەکی جیاوازدا لێرە و لەوێ پارێزراوە و گەلێ لە بەشەکانی پاش زەردەشت کۆکراوەتەوە.

ئەوەتا ئیبن بەلخی لە فارسنامەکەیدا دەڵێ: کوردەکان لەشکری ئازای ساسانییەکان بوون لە شەڕی ئیسلامدا هەموویان کوژران و ئاوارە بوون. لە نامە فرهنگ ئێران گرداوری فریدون جنبیدی بەڵگەیەک هاتووە کە ئەم پارچە شیعرەیە بەزاراوەی هەورامی بەجێماوە دەڵێ:

زۆر کار ئەرەب کردنە خاپوور
گونا و پاڵە هەتا شارەزوور
ژن و کەنیکان وە دیل پشینان
مەرد ئازاتلی ژەروی هونیان
هورمزگان رمان ئەتیران کوژران
هویژشان شاهردەوە گەورەی گەورەکان
ئایین زەردەشت مانەوە بێکەس
بەزەیی کانا هورمزد و هیچ کەس **

د. جەمال رەشیدیش رایەکی هەیە بەوەی دەوڵەتی ساسانی کوردی لوڕی بەڕێوەی بردووە. فیردەوسیش دەڵێ: لەشکری سەرەکی ساسانی کورد بوون و کوژران و فەوتان.

لێرەدا نابێت ئەوە لە بیر بکەین، دوای ئەو هەموو شێواندن و شاڵاوانەی کراوەتە سەر ئەم ئایینە کەچی سێکوچکەی بیروباوەڕی زەردەشتێتی کە لە (بیری چاک، قسەی چاک و کرداری چاک) دا بەرجەستە بووە، هەر بەرز راگیراوە و وەک چرایەکی داگیرساو بە رۆشنی ماوەتەوە. راستییەکی دیکەش کە شایانی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە نەک هەر زەردەشتێتی بگرە گەلێ ئایین و ئاینزا و بگرە نەتەوە و نیشتیمانی دیکە لە ئاسیا و ئەفەریقا و تا رادەیەک لە ئەوروپاش بەرگەی شاڵاوی ئیسلامیان نەگرت. ئەمەش هەژموون و کاریگەرێتی بەهێزی ئیسلام بە هەردوو باری ئەرێتی و نەرێتیدا بە دیار دەخات.

کاک عەتا باڵادەستی ئیسلام دەگێرێتەوە بۆ ئەوەی «پەیامی ئیسلامی لە رووی رۆحی و دنیاییەوە بەرنامەیەکی تەواو چڕ و دەوڵەمەندی پێ بووە، بەزوویی توانیوویەتی لای کورد و هەڵگرانی تری ئایینی زەردەشتی جێگای خۆی بگریت و ئەو بۆشاییە رۆحییەی کە پێشتر پەیامی زەردەشتی داگیری کردبوو ئەم بیگرێتەوە و لە ماوەیەکی مێژوویی کورتدا کورد بچێتە سەر ئەو ئایینە نوێیە».

مێژوو دەیگێڕێتەوە کەوا کورد هەم بەرگری کردووە و هەمیش ئارەزووی بووە پارێزگاری لە ئایینەکەی بکات. هەڵبەت هەشبوون دوای شێواندن و بەخراب بەکارهێنان و لێکدانەوەی زەردەشتێتی و هەڵسوکەوتی نالەباری لایەنگرانی ئەم ئایینە، ئارەزووی ئاینێکی نوێیان کردووە و بە پیر ئیسلامەوە چوون. لە هەموو بارێکدا زۆر گران بووە کورد لە ژێر باری ئیسلامدا راست بێتەوە و خۆی راگرێت. ئالێرەوە ئیسلام و زمانی عەرەبی و کولتوور و گوتارەکانی لەو پرۆسە داگیرکارییەدا گرانی خۆیان لەسەر رەهەندەکانی کوردبوون بە قورسی داناوە. ئیدی گەر کورد لەو میانەدا خاوەنی گوتارێکی گشتگیری تەوحیدی ئیسلامی و گوتارێکی شەرمن و شاراوەی نەتەوەیی کوردی بووبێت وەک ئەوەی کە کاک عەتا دروست بۆی چووە، ئەوە بەڵگەنەویستە و کتومت حاڵەتە بندەستییەکە بەرهەمی هێناوە. من پێم وایە ئیسلام دەیویست دابونەریتەکانیشمان لە کۆنەستدا بسڕیتەوە و نەیهێڵێ و بە هی خۆی جێگەکەیان پڕ بکاتەوە، بەڵام کورد ملی نەداوە و زۆرانبازی لەسەر کردوون و سەرئەنجام هەر پاراستوونی. وەک لە مێژوودا دیارە کێشەی کورد هەر لەدەمی ئیسلامدا لە سەردەمی خەلیفە عومەر و دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسیدا بەرشاڵاوی بە ئیسلامکردن نەکەوتووە، هەردوو دەسەڵاتی نا عەرەبی پاش ئەمانیش سەفەوی و عوسمانلی هەر درێژەپێدەری یاسا و سیاسەتی ئیسلام بوون لەسەر کورد. بەواتایەکی دیکە کوردستان لە مێژە ئەنفال دەکرێت و هیچ وڵاتێک نییە هێندەی کوردستان مەیدانی شەڕ و پێکداهەڵپژانی هێزی دەرەکی بوو بێت. کوردستان جوگرافیایەکی بێ پەرژینی سیاسی و سنوور نادیار بووە. مێژوویەکی نێو تاریکستان و جەنگەڵستانی نەنووسراو و شێوێندراوی تێدا بەرهەم هاتووە. ژیانی ماکی و مینۆکی کورد لەژێر باری بندەستی و زوڵمدا گۆڕانی گەورەی بەلادا براو و ئەتکبووی ئەوانی دیکەی بەخۆوە گرتووە.

بۆچی هێزێک یان سەرکردەیەکی بەهێز هەڵنەکەوت بتوانێ ویست و خواستەکانی کورد لە دروشمی سەربەخۆییدا فۆرمەلە بکات تا خۆ لەو بارە ناسروشتییە رزگار بکەن؟! ئەو پرسیارە بۆ ئێستاش رەواجی خۆی هەرماوە. بەمەشدا دەردەکەوێت کەوا لە رووی سیاسی و هۆشیاریی

نەتەوەبییەوە هەمیشە شکستخواردووی دەستی ئەقڵێتی سادە و دەروونی کراوە بووین و بیرمان کەم بەلای خۆمان و بەرژەوەندییەکانمان دا لەکاردا بووە.
کاتێکیش کاک عەتا داوا دەکات: سەرچاوەی گووتاری نەتەوەیی و پایەکانی دەبێ بریتیبن لە رەسەنایەتی و رەگ و ریشەی نەتەوە و بەرهەمی فکری و عەقڵی نەتەوە و بە زمانی نەتەوەش بێت... هەربۆیە دیسان دێینەوە سەر هەمان پرسگەلی نەبوونی دەسەلات و هەرەشە لەسەر بوون و زمانی قەدەغەکراو هیچی پێ بەرهەم نایەت. حاڵی کورد وەک گۆی یاری نێوان ئەم دەسەلاتانە بووە و هەر یەکە و لە لایەکەوە و بەجۆرێک لێیداوە.
مامۆستا هێمن لەم رووەوە لە شیعری دوارۆژی رووناک دا دەڵێ:

لە مێژ بوو هەقی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و رۆڕۆ
لە مەیدانی شـــــــــەقێنی دوژمن دا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گۆ

هەرگیز لە کوردستاندا ئارامی و ئاسایش و ژیانێکی ئاسوودە نەبووە. بە دووری نابینم کەوا لە ترس و لەرزی ئەم هەموو هەرەشانە بووبێت، وا کورد رووە و ناوچە شاخاوی و ئەشکەوتەکان و شوێنە سەختەکان هەلاتووە و بە ناچاری لێیان نیشتەجێ بووە. ئەمەش لە ژیانی شارستانێتی دوور دەخاتەوە و دەرەتانی خۆسازی و بیناسازی و دروستکردن و تەنانەت بیرکردنەوەشی لێ تەنیوە. ئیبن خەلدون دەڵێ: لە شارنشنینیدا عەقڵ لە هێزی لەش بە بڕستترە.
با سیاسەتی دڕندانە و نامرۆڤانە و شالاوی ئەنفالی ئەم چەند ساڵەی دوایی بهێنینەوە بەرچاوی خۆمان ... ئەنفالکراوەکان و ئەوانی دیکەش دەبێت توانای تۆماری چییان هەبوو بێت!؟ یان دەرفەتی کام بیرکردنەوەیان هەبوو بێت؟ بێگومان هیچ.
نەتەوەی داگیرکراو... دامودەستگای بەڕێوەبردنی خۆی نییە، سیستەمی خوێندن و پەروەردەی نییە، هەڕەشەی لەسەرە و هێزی خۆپارێزی نییە و بەرەنگاریی و داکۆکی لە زۆر شت پێ ناکرێت. بەم جۆرەش ناتوانێ گووتارێک بەرهەم بێنێ و بەدەست نەوە لە دوای نەوە بگات.
کە ئەمەش حاڵوبارەکە بێت وا سەرچاوە و بەڵگەنامە و ئەرشیفخانە نابێت و گەر هەشبێت لاواز و سست و کرچوکاڵ دەبێت. هەر ئەم هەقیقەتەیە کاک عەتا کردوویێتە پرسیارێکی گرنگ: ئایا لاوازی گوتاری کوردی پەیوەندییەکی گەوهەری نییە بە سەرچاوە و پایەکانییەوە؟
بە دڵنیاییەوە ئەمە هۆکارێکی هێجگار سەرەکی سستی و بێهێزی گووتاری کوردییە. تاکی کورد کەرەسەی خۆماڵی تۆمارکراو و ئەرشیفی وەک سەکۆیەک نەبووە، تا لێیانەوە بەرەو دوندی هزر و مەعریفەیەکی بالا سەرکەوێت.
لە بەشی سێیەمدا... گوتاری کوردی لەسەردەمی میرنشینەکانیشدا، کاک عەتا پێی وایە مادام گوتاری ئەو سەردەمەمان ووتاری خێڵ و میرنشین بووە، وا کورد نەگەشتۆتە قۆناغی دروستکردنی نەتەوە. برای نووسەر گەشتێکی درێژ بە مێژووی میرنشینەکانی کورد دا دەکات و

ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە ئەم دەسەڵاتانە بە حکومەت و دەوڵەت ناوزەد دەکەن. لەو نێوەدا دەگاتە لای سەلاحەدینی ئەیووبی و پێی وایە نابێت دەوڵەتی ئەیووبی بە دەوڵەتێکی کوردی دابنرێت. بەڵگەی زۆر بۆ ئەم دیاردەیە دێنێتەوە. تا دواجار خۆی دەنووسێ کەوا: لەرووی ڕاستیشەوە ناکرێ لەو قۆناغەدا داوا لە ئەیووبی بکرێت کە نەتەوەیی بێت یان هەڵگری بەرنامەیەکی ناسیونالیزمی کوردی بێت. پاساوی بۆ ئەمەش هێنانەوەی تێزێکی مارکسیزمە کە دەڵێ: ناسیونالیزم بەرهەمی قۆناغێکی تایبەتییە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەویش قۆناغی دەرکەوتنی چینی بۆرژوایە واتە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە.

بەداخەوە کاک عەتاش وەک زۆر لە چەپ و مارکسستەکانی تری کوردستان دەیانەوێت ئەم قاڵبە تەنیا بە سەر کورد دا ببڕن. ئاخر کەی فارس خاوەنی شۆڕشی پیشەسازی بوون لەو سەردەمەدا؟ ئەرێ عەرەب کوا لەسەردەمی خەلیفە عومەر و دەوڵەتی ئەمەویدا بە قۆناغی پیشەسازی گەشتبوون؟ باشە کاک عەتا دەتوانێت بڵێ ئەوانە هەڵگری ڕەگەزی ناسیونالیزم نەبوون ؟!. هەر خودی کاک عەتا دەنووسێ لە ڕوانگەی بیرمەندانی کۆمەڵناسی مۆدێرنەوە ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە.

جارێ قسە لەسەر بۆچوونی مارکسیزم زۆر کراوە و لەزۆر شوێنی دیکە وەڵامدراوەتەوە و بەپەرچی هیپۆتیێزەکانی دراوەتەوە، لام سەیر بوو کاک قەراخی بەو تێزە سواوە بەڵگە بۆ شرۆڤە نوێکانی دێنێتەوە!!!. ئەوجا بۆچوونی مۆدێرنەش لەسەر پەیدابوونی ناسیونالیزم لەرووی مێژوویی پشتی پێ نابەسترێت چوونکە ناسیونالیزم لەپێش سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەرەنساشەوە هەبووە. بەدەیان لێکۆڵینەوە هەیە و ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. فەرەنسی و ئینگلیزی و سکۆتلەندی و پورتوگالی و هۆڵەندی پێش شۆڕشی ناوبراو و نەتەوە و خاوەن دەوڵەتیش بوون. ئەو شۆڕشە پتر پرسە بنچینەییەکانی هەبوون و بەرژەوەندی پارێزی لای نەتەوەکانی ئەوروپا تەقاندەوە و لە چوارچێوەیەکی نوێدا باشتر بەرجەستەی کرد. ئەو شۆڕشە مامانی ناسیونالیزم نییە وەک گەلێ کەس پێیان وایە. خۆ لە نێو خۆشماندا بەرهەمەکانی خانی و شەرەفخان و دەیان دیاردە و سەرچاوەی تر لای گەلانی ڕۆژهەڵات بە چەندین سەدە پێش مۆدێرنە ناسیونالیزم هەبووە.

نووسەر هەر لەم بابەتەدا دوای شۆڕبوونەوە لەباسەکەدا دێتە سەر خاڵێکی هەستیار و وورووژاندنی مەسەلەیەکی دیکەی مشتومڕ لەسەر کراو و دەڵێ: یەکێک لە کێشە دیارەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تاکو ئێستا ئەوەیە کە بەبێ زانینی ناسیۆنالیزم و بەبێ ناسینی خۆیی و بەبێ بوونی گووتارێکی کراوەی ناسیونالیزمی دواوە و بەردەوامیش لە ڕەخنەگرتنێکی عاتیفانەدا بووە بەرانبەر بە گەلی کورد و بە بزووتنەوەکانی، بۆ نموونە (کاژیک) کە خۆی بە حیزبێکی ناسیۆنالیستی کورد زانیووە و بەدوای ئەویشدا (پاسۆک) کە خۆی بە هەڵگری هەمان بەرنامە زانیووە... خاوەنی گوتارێکی کراوەی زانستی ئەوتۆ نەبوون کە گەوهەری پرۆژەی نەتەوەیی کورد لە خۆ بگرێت بەڵکو بە پێچەوانەوە خاوەنی گوتارێکی عاتیفی داخراوی تاک ڕەهەندی مەودا تەسک بوون و نەیانتوانیووە لەسەر جوگرافیای کوردستان کەسێتییەکی دیار و جەماوەری یان تەنانەت کەسێتییەکی نوخبەیان هەبێت.

گرێدانی ئەو رۆژگارە بەو پێوانانە بە ئیمرۆوە و لێنۆرین لە دوو پارتی (کاژیک و پاسۆک) بەو شێوەیە لام وایە لای کاک عەتا نەپێکانی راستییەکانی لێکەوتۆتەوە. ئەم بابەت و بۆچوونە دەکرێت بەسەربەخۆ بە دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. من بە دیدی خۆم و لەم گۆشەیەوە بە کورتی لەم وێستگەیەدا ئیستێک دەکەم.

ناسیونالیزمی کوردی و بە نموونە پاسۆک:

1. ناسیۆنالیزمی زانیوە ... گەر تەماشای پێڕەو پرۆگرامی پاسۆک بکرێت و بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی بکەین لە 33 ژمارەی گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی و چەندین ژمارەی رۆژنامەی سەربەخۆیی و گۆڤاری روانگەی ئازاد و دەیان بڵاوکراوەی تر و خەباتی رۆژانەی پاسۆک بکەین، هێڵەگشتی و بنەما سەرەکییەکانی ناسیونالیزمیمان بە روونی بەرچاو دەکەوێت. گەر ئامانجی سەرەکی لای ناسیونالیزم داوای یەکێتی و تەبایی ریزەکانی نەتەوە بێت، وا پاسۆک قورسایی بیر و کاری بۆ ئەم ئامانجە بووە و گەلەك جاران دەستکەوتی گەورەی لەپێناوی ئەم راستییانەدا لەدەست داوە و رەتکردۆتەوە. شەهید قاسملۆ لەم رووەوە دەیگووت بارەگاکانی پاسۆک بوونەتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان حیزبە بەیەکدا هەڵپژاوەکانی کورد. کاتێ پاسۆک ناسیونالیزمی زانیوە و داکۆکی لێ کردووە و پەیرەوی کردووە، باری سیاسی و ئیدیۆلۆژی لە کوردستاندا لەو پەڕی وێرانەییدا بووە. پاسۆک بە کۆمەڵێ دروشمی نێوەندی نەتەوەییانە هاتە مەیدانەوە، گەر پوازی ناوخۆ لێگەڕابا و هەندێک سەرانی پاسۆک لە پیادەکردندا واقعیتر بوونایە، باری کورد دوور نەبوو بە جۆرێکی تردا بشکایەتەوە. دروشمەکانی { کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان، پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین، کوردستان تەنها موڵکی کوردە، تا ملکەچی پەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگرین و جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە} دەشێت بەس بن بۆ سەلماندنی جەوهەری ناسیۆنالیزمی پاسۆک و تێگەیشتنی لەو چەمک و رێبازە. بەڵام کاتێ بە هەموو دەستاوێژەکان تێکڕای رێگا سەرەکییەکانی خەباتی لێدەتەندرێت و خوێنی تاکە تاکەی هاوبیرانی حەڵاڵ دەکرێت و لەسەرۆک و سکرتێری بەشێکی حیزبەکانەوە تا هەندێ ئەندامی دیکەی خۆفرۆش سیخوڕی بەسەرە دەکەن و بە مەترسی لەقەڵەم دەدەن بۆ داگیرکەران پێش خۆیان!. بڕیاری مەکتەبی سیاسی لایەنی کوردستانی هاوپەیمان هەبوو گەر پاسۆک لە ژمارە و قەوارەیەکی تایبەت تێپەڕن دەبێ لیبدرێن. دەی ئیدی هیچ دەرفەتێکی بابەتی بۆ هەڵسوڕان دەمێنێتەوە.!؟ پاسۆک زۆر خۆی لە کێشە و ململانێ و شەڕی کوردکوژی پاراست و دوور خستەوە، وەلێ بە بڕیار و نەخشەی تایبەتییەوە تێیان گلاند. ئەم راستییانە شیاوی قسە و شرۆڤەی زۆر زیاترن و ئامانجیش لێرەدا گاسنەکردنەوەیان نییە. بەڵکو مەبەست بەسەرداچوونەوەی رووداوەکانە و نیشاندانیانە بە کاک عەتا و هەموو ئەوانەی دەیانەوێ تیشکێکی رووناکی بخەنە سەر ئەو رۆژگارە سەخت و دژوارانە. هەرچەند پێم وایە برای نووسەر بەووردی ئاگاداری ئەم مێژووە بێت، بەس بۆ خۆی لێ نەبان کردووە، ئەمە پرسیاری سەرەکییە و وەڵامی لای کاک عەتا ئاساییەکانە؟ . راستییەکی دیکەش لێرەدا بێتە قسە،

ئەویش وەک کاک عەتاش باوەڕی پێیەتی، دەستەبژێری سیاسی ـ نەتەوەیی کوردی ـ بە سانایی و بێ گرفت نابنە خاوەن هێزێکی تۆکمەی کاریگەر. پاسۆک و کەسانی نەتەوەیی تەنها بەر گورزی گرانی داگیرکەران نەکەوتوون، بەڵکو لەلایەن هێز و حیزب و کەسانی ناوخۆشە رووبەرووی دژوارترین سیاسەتی ناحەزانە بوونەتەوە.

2 ـ خاوەنی گوتارێکی کراوەی نەتەوەیش بووە. وەک لەسەرێ ئاماژەم پێدا، تەنها تەماشاکردنێکی ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی پاسۆک بەڵگە و دیکۆمێنتی هەبوونی گووتارێکی نەتەوەیی رووگەشی کراوە بەرچاو دەکەون. دەشێ ئەو نموونە بەس بێت کە بەدرێژایی ساڵانی خەبات تا ئیمڕۆش لە باشترین پەیوەندیدا بووە لەگەڵ هێز و پارتێکی سیاسی وەک پارتی کۆمەنیستی کوردستان کە دید و بنەما فیکرییەکانی لە زۆر خاڵدا لە پارتێکی نەتەوەیی وەک پاسۆکە دوورن. ئەمە هەم پەسەندکردنی رای بەرانبەر و هەم هەستکردنە بە پێداویستی هێز و هزری تر و هەم کرانەوەی پراکتیکیشە بەرووی ئەوانی دیکەدا تا ئەو شوێنەی نەکەونە سەنگەری داگیرکەر و دوژمنانەوە. گرفتی پاسۆک کەم دەرامەتی و نەبوونی دەستگای راگەیاندنی پێویستی وەک رادیۆ بوو لەو سەردەمەدا، تا بتوانێت کاریگەرانە و راستەوخۆ دەنگی بە جەماوەر بگات. کێ دەڵێ ئەوەشی هەبوایە لە مەکتەبی سیاسی یەکێ لەو حیزبە کوردییانەوە ئامێرێکی هانیهانی نەدەخرایە سەر بۆ ئەوەی دەنگەکە بە میللەت نەگات!؟. کاک عەتا بۆ ئەم کتێبەی بەتایبەت و زۆر لە بەرهەمەکانی دیکەی یان ئەوەتا هیچ سەرچاوە و بڵاوکراوەیەکی پاسۆکی نەخوێندۆتەوە و قسەی پروپاگەندەچییانی ناحەزی کوردایەتی کردۆتە بنەمای نووسینەکەی یاخود مەبەستێک خۆی لەپاڵ ئەم کارەیدا حەشارداوە!!. دەنا وەک راستی دەیتوانی ئاماژە بە سەرچاوەیەک لە بڵاوکراوەکانی پاسۆک بدات یان کاژیک بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت برای نووسەر چاوی پێیان کەوتووە. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کەوا کاک عەتا بەهەر بیانوویەک بێت نایەوێت پێمان بڵێ چاوی بە چ بڵاوکراوەیەکی پاسۆک یان کاژیک یان نووسەرە دیارەکانیان کەوتووە و دێت لەخۆڕا قسەشیان لەسەر دەکات.

من لێرەدا دەتوانم ئاماژە بەدەیان ووتار لەژێر سەردێڕی: رازێکی کوردانە، قوتابخانەی پاسۆک و بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە و لەهەمووش چڕتر شادەمارە سەرەتاییەکانمان، کە لە ژمارەکانی (ئاڵای سووری کوردایەتی) دا بڵاوکراونەتەوە بە نموونە بهێنمەوە لەسەر هەبوونی گووتاری نەتەوەیی لای پاسۆک، گرفتی پاسۆک تەنها لە میکانیزمی گەیاندنەکەیدابوو. بێ حاشالێکردن ئەمەش کەماسییە و ئێمە بەر لە کاک عەتا پێی لێدەنێین. بەدەر لەمانەش بەدەیان بڵاوکراوەی وەک: پاسۆک لە کلاورۆژنەی دروشمەکانییەوە، پاسۆک لە چەند دێڕێکدا، مەڵۆیەک لە خەرمانی بیری پاسۆک، چەند سواڵەیەک لە خەرمانی بیری پاسۆک و پرۆگرامی پاسۆک و حوکمی زاتی و مەسەلەی کورد و چەندانی دیکەی لەم سەرەرییەدا بڵاوکردۆتەوە. کاژیک ساڵی 1974 داوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان و سەرکردایەتی ناوەندی ـ قیادە مرکزی ـ پارتی کۆمەنیست کرد و دەیان هەوڵ و کۆبوونەوە کرا هەرەس هەمووی رامالی.

پاسۆک دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەرنامەی ـ بەرەی کوردستانی هاوتا ـ ی پێشکەشی لایەنە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کرد و چەندین دیداری لەگەڵ شاسوار جەلال ـ شەهید ئارام نوێنەری کۆمەڵە وەک بەهێزترین باڵی ناو ی،ن، ک و سەرگۆرەپانی خەبات بۆ ئەم مەبەستە کرد. وەلێ کەس بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە نەهات. لەبری ئەوە سەرگەرمی خەونی پارتی پێشڕەو و پاڵەوانی گۆڕەپان و زرە خەونی ئیدۆلۆژی م.ل و شتەهایەکی نەزۆکی تر بوون. بەڵێ لەو رۆژگارە سەختانەدا پاسۆک بەم بنەما هزری و روانگەی کوردانەوە رسکا و خەڵکانی دیکەش خەریکی وەرگێڕانی دوا نامەکانی لینین و چەپکێ لە قسەکانی ماو و مامۆستا مەسعود ووتەنی باسی پرۆلیتاریایان لە قڕناقە و پشتئاشان سەرەتا بۆ شۆڕشێکی عێراقی و دواتر بۆ نەخوێندەوار و هەژارانی کورد دەکرد.

با کاک عەتا سەرەتا سووژنێک بکات بە لایەنەکانی دیکەدا ئەوجا دەرزییەکیش بە پاسۆک دا.

کاتێ دەڵێین ئەم بڵاوکراوانە وەک پێویست بەردەستی کەس نەکەوتوون، بەو مانایا نییە تەنها بۆ خۆمان بوو بێت، چونکە لە رێگای ریزەکانی رێکخستن و هێزی پێشمەرگەی پاسۆکەوە دەرفەتی بڵاوبوونەوەیان بە رێژەیەکی باش هەبوو و بەتایبەت بۆ لایەنە سیاسییەکان نێردراوە و ئەوان و پەرۆشخۆرانی پرسی کوردایەتی لێی بە ئاگا بوون.

گریمان بەرێز کاک عەتا بۆ بابەتێتی نووسینەکەی کاتی خۆیشی چاوی بەمانە نەکەوتبێت، وا دەیتوانی لە ئێستادا بەسانایی بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکانی پشتیان پێ ببەستێت.

3 ـ قاوی سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەی داگیرکەرانی زیاتر داوە لەوەی بە سۆزەوە رەخنەی لە بزوتنەوەی کورد گرتبێت. بەراستی نامەوێت لەسەر ئەم باسە ئاوها پەڵپ لە کاک عەتا بگرم و بەدوای بەڵگەدا بگەڕێم بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە بێ بنەمایانە. پاسۆک بەوە ناسراوە لە بەیاننامەی خۆشی و ناخۆشیدا و لە بڵاوکراوەی مێژوویی و تەنانەت ئەدەبیشدا جێیەکی بۆ لەقاودانی سیاسەتی دڕندانە و نامرۆڤانەی داگیرکەران و نۆکەرانیان کردۆتەوە. یەکی لە دیارترین پرنسیپەکانی پەروەردەیی لای پاسۆک کارکردنە لە مێژوودا. لەم دیدەوە نیشتمانی داگیرکراو و دابەشکراو و ستەم وماڵوێرانی و ژیانی پڕ لە مەرگەساتی نەتەوە لەسەردەستی داگیرکەراندا ئامادەگی بەردەوامی نێو هزر و کارکردن و هەوێنی سیاسەتی پاسۆکە. پاسۆک هەر گلەیی و رەخنە و گازندەییەکی لە لایەنەکانی تر هەبوو بێت و هەبێت، پەیوەندی بەم خاڵە جەوهەرییە هزرییانە و پرسە ستراتیژییەکانەوە هەبووە و هەیە. بەڵێ پاسۆک هەردەم قاوی سیاسەتی ئۆتۆنۆمیخواز و داگیرکەرچێتی و ئایدۆلۆژیخوازانی ناواقعی و لادەران لە رێبازی کوردایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کوردی هەر حیزب و لایەنێکی کوردی لەچوارچێوەی لۆژیکێکی بەرژەوەندپارێز و دوور لە بارگرژیی و شکانەوەی بە قازانجی داگیرکەر و دوژمنانی کورد گرتووە و پیادەی بۆچوونەکانی کردووە. جێی سەیر نییە کەوا لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانەدا هەتاکو ئیمرۆش باشترین پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ئەو هێزە ئایینی و چەپە سەربەخۆییخوازەکاندا هەیە لە سەرانسەری کوردستاندا و پاڵپشتییان لێ دەکات.

هەرچی دەربارەی ئەوەی لەبری کاژیک و پاسۆک هەڵگری گووتاری کوردی بن، بارزانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کردووە و هەڵگری گوتاری کوردییە، ئەو بەراورکردنە بۆ سەردەمی بوونی کاژیک راستە و هۆکاری خۆشی هەیە. ساڵی 1963 لەسەر بنەمای رێکەوتن و لە پێناوی سەرخستنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا کاژیک پشتیوانی لە بارزانی و شۆڕشەکەی کرد. دەی تۆ بڵێی کاک عەتا لەوە ئاگادار نەبێت کە بارزانی و شۆڕشەکەی لە ئازاری 1975 هەرەسیان هێنا. پاسۆک لە ئەیلوولی 1975 دا رسکاوە، بارزانی ئەو کات بوونی لەسەر واقعی خەبات نەبوو. لە راستیدا نکۆڵی لە رۆڵی بارزانی ناکرێت و هاوبیرانی نەتەوەییش بە هەموو توانایەکەوە پشتیوانی شۆڕش و بارزانییان دەکرد. ئەم هەڵوێست و بیرکردنەوەیە هیچ ئەلتەرناتیفێکی تری قبوڵ نەدەکرد. سەرباری ئەمەش کاژیک رەخنە و تێبینی لەسەر گەلێ پرسی گرنگ هەبووە و بە دیکۆمێنتیش کراوە؟ لە نێوان کاژیک و بارزانیدا ـ بڵاوکراوەی کاژیک. رۆڵی بارزانی وەک کەسایەتییەکی دیار و هەڵکەوتووی نێو مێژووی رووداوەکانی کوردستان و پایەی بنەماڵەیی و لێوەشاوەیی و کاریزمایی خۆیشی لەو میانەدا سەربار‌بوون بۆ هەڵگرتنی گووتاری کوردایەتی. کاریگەرییەکەش زیاتر لەرووی لەشکری ـ هێزی پێشمەرگەوە ـ بوو نەک لەرووی هزرەوە، بەواتایەکی دیکە هێز بڕیاردەر بووە نەک بیر. پارتی هەتا هەنووکەش بەجۆرێک پەیرەوی لە رێبازی مارکسی لینینی دەکات و کەم و زۆر قەوانی عێراقچێتی لێداوە و لێدەدات و مەحاڵە بۆن و بەرامەی سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەت وەک ستراتیژی نەتەوەیی لای پارتی هەست پێ بکرێت، لە کاتێکدا هەڵگرانی بیری نەتەوەیی بە کاژیک و پاسۆکیشەوە بە قورسی کار لەسەر ئەم پرسە دەکەن و تابووی باسکردنییان لە ئەدەبی سیاسی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە شکاند. پێم وایە ئەم چەند خاڵە بەس بن بۆ ئەوەی برای نووسەر بزانێ کێ هەڵگری بیر و بەرنامەی گووتاری کوردییە. پاسۆک کوردی بە نەتەوە زانیوە بۆیە بە کەماڵی ئیسراحەت قسەی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە و دروشمی نێوەندی ،(کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان)ە.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە ساتێ پاسۆک پەیڕەوی لەم رێباز و بیروباوەڕە کردووە، بەشێکی باشی هێزە سیاسییەکانی کورد و دەسگا دەهۆڵکوتەکانی ئەو ساتەیان بەسەدان ناووناتۆرەی عەرەبکوژ و دژە ئیسلام و شۆڤێنی و تەنانەت نازێتییان دەدایە پاڵ هەڵگرانی بیری کوردایەتی و جەماوەری کوردیان بە دەیان شێواز لە دژی هاندەدا. پۆلیتبیرۆی لایەنی سیاسی هەبوو هەر بەیانێکی پاسۆک دەری کردایە، دەهاتن دەکەوتنە ژماردنی ناوی کورد و کوردستان تا بزانن چەندجار بەکارهاتووە و ئەمەشیان بەگەورەیی بە نەنگیی لەسەر کوردایەتی ئەژمارد دەکرد. خۆشیان تەنانەت لە بەیاننامەی یادی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆزدا پەلاماری ئیمپریالیزمیان دەدا و بە شان و باڵی شوورەویدا هەڵیان دەدا و پەسنی حافز ئەسەد و خومەینی و ستالین و هتد یان دەکرد... سەرکردەمان هەیە نەک هەر خۆی و حیزب و بەناو شۆڕشەکەی بەقەرزاری داگیرکەران دەزانێ، بەڵکو هەموو کورد بە قەرزار و سوپاسگوزاری حافز ئەلئەسەد دەزانێ هەر لەبەرئەوەی داڵدەی خۆیی و حیزبەکەیان لەشام داوە... بەکورتی وەک کاک عەتا پێمان دەڵێ و هەموان دەزانین دروشمی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی جەوهەری ناسیونالیزمە. لەمەدا هیچ کەس و لایەک بەر لە کاژیک و پاسۆک

نایەنەوە، ئیدی تێگەیشتن و متمانە بۆ هیچ کەس و شتێ نامێنێتەوە ساتێ ئەم راستییانە بۆ مەبەستی دیکە دەشێوێندرێت.
لە نێو ئەو گەشتەشدا کە بە میرنشینە کوردییەکان (ئەردەڵان، سۆران، بابان و بادینان) دا دەیان کات برای نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەو دامەزراوانە بەرهەمی هەلومەرجی لاوازبوونی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەن واتە فارس و تورک. سەرجەم ئەو گووتارانەشی لەلایەن ئەم میرنشینانەوە بەرهەم هاتوون رەنگدانەوەی عەقڵێتی خێڵە. دواتر پاساو بۆ ئەوە دێنێتەوە کە لە رۆژهەڵات و هەندێ شوێنی ئەوروپاشدا لەو دەمەدا ناسیونالیزم ئامادەگی نەبووە. ئەمەش چونکە کاک عەتا باوەڕی وایە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە.

خاڵێکی دیکەی ورووژاو لەلایەن کاک عەتاوە بریتییە لەوەی سیستەمی ئابووری فیۆداڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا نەبۆتە خاوەن ناسنامە و ئەم هۆکار و خاسێتەش وای کردووە لەبری دەوڵەتی فیودالْ میرنشینی فیودالْ دروستکراوە و ئەم میرنشینانەش لە سەر جوگرافیا و نەسەبی خێڵ دروستبوون و توانای بەزاندنی سنووری خێڵ و جوگرافیاکەیان نەبووە و گەر بووبێتیش وا تەنیا لە رێگای شەڕ و داگیرکردنەوە بووە نەک لەرێگای یەکگرتن و یەکبوون و یەکێتییەوە.
ئەم خوێندنەوانەی کاک عەتا گەر لەگەڵ بۆچوونەکانیشیدا نەبین وا هەر کۆمەڵێ راستی و فاکتی گرنگ لە خۆدەگرن و شیاوی کار لەسەرکردنن.
بەر لەکۆتایی ئەم بەشە باسێکی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی وجیاوازییەکانیان دەکات. ئەو باوەڕەی بەسەر نووسەردا زاڵە دەڵێ: دەرکەوتنی نەتەوە بەرهەمی قۆناغێکی دیاری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە و بە گوێرەی کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی دەسەڵاتی میرنشینەکاندا بە چەمکی نوێ (نەتەوە) پێکنەهاتووە. نووسەر پێی وایە نەتەوەی کورد نییە بۆیە مانایەک نامێنێت قسە لەسەر هەستی نەتەوەیی بکەین. پێم وایە ئەمە یەکێکە لە دزێوترین بۆچوونەکانی کاک عەتا لەم بەرهەمەیدا. پێناسەی نەتەوەبوون ئاشکرایە و دەمێکە کۆتایی بە مشتومڕ لەسەری هاتووە. لەدوای نیوە سەدەیەک زیاتر لە بگرەوبەردەی گەرم لەسەر کورد ئوممەیە یان نا لەگەڵ کۆمەنیست و مارکسییەکاندا تازە بە تازە کاک عەتا دەمانباتەوە بۆ سەر هەمان باس. پەیوەندی ئالۆز و نیوە خێڵەکی و دواکەوتووانەی کورد لە نێو یەکتردا، بەرهەمی باری سیاسی کوردستان بووە وەک نیشتمانێکی زیاتر لە 2000 ساڵە کۆلۆنیالکراوە، نەک پێناسەی نێو کتێبەکان و خەیاڵی تیۆریستەکان .

بەشی چوارەم گوتاری کوردی لەسەدەی نۆزدەیەمدا، راپەڕینی بەدرخانیەکان.
بەشی پێنجەم گوتاری کوردی و گوتاری تەسەوف لەسەردەمی میرنشینی باباندا.

نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کەوا گوتاری کوردی لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا نەیتوانیوە دەوڵەت دروست بکات. لەبری بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە میرنشینی هێناوەتە کایەوە. ئەم میرنشینانە خاوەنی گووتاری ناوچەگەرێتی و خێڵایەتی سنووردار بوون. پرسی تەسەوف بەگشتی جۆرێکە لە ئۆپۆزیسیۆن بوون لە شێوازێکی نێگەتیڤدا. نووسەر بە چڕی

لەسەر سیماکانی تەسەوف و پەیوەندی لەگەڵ گووتاری خێڵایەتیدا رادەوەستێ. پێی وایە گووتاری تەسەوفی کوردی هەڵگری هیچ سیمایەکی فیکری و مەعریفی نەبووە. بە تایبەت کاتێ دەڵێ: سەرچاوەکانی ئەم گووتارە نا کوردی بوون و لە ئیسلامەوە وەرگیراون. نووسەر لەمەدا گومانی لا دروست دەبێت کەوا فکرێکی کوردی هەبوو بێت یان هەڵگری پرۆژەی رێنیسانس و رابوونەوە بێت. کاتێ هەست دەکات ئەم 3 ئاراستەیە گووتاری خێڵایەتی، قادری و نەقشبەندی نەیانتوانیوە یەکبگرن و گووتارێکی نەتەوەیی پێکبهێنن. تەسەوفیش لەکوردستان دابەشی قادری و نەقشبەندی بووە. قادری گووتارێکی داخراوی تاک رەهەندی توندوتیژە و نەقشبەندی خاوەنی گووتارێکی هێمنی دەست لە دنیا شۆردووی بە چاوی قوربانی سەیری خۆکردووە.

بەشی شەشەم گووتاری ئەدەبی لەسەردەمی باباندا.

نووسەر باسێکی کورتی سەرەتای دەرکەوتنی نووسینی کوردی دەکات بە زاری گۆرانی لای باباتاهیری هەمەدانی، کە خۆی لە شیعر و شیعریش بە کێشی پەنجەی فۆلکلوری لەسەر کێشی (گاتاکان) پەیامی ئایینی زەردەشتی بەرجەستە دەکات. لەسەردەمی باباندا و لەسەردەستی نالی و سالم و کوردی کودەتایەکی سپی بەسەر بارەدا دێت و دەگەڕێنەوە سەر کێشی عەرەبی و فارسی. بەمەش رەسەنایەتی کوردی دەرووخێندرێت و توخمێکی نا کوردی جێگاکەی پڕدەکاتەوە. لەم خوێندنەوە بەسەلیقەیەی کاک عەتا دا لەباسی گوتاری شاعیرانی بابان دا دەپرسێ: بۆچی ئەم گوتارە نەیتوانیوە سنووری دەسەڵاتی میرنشین ببەزێنێت و لەو جوگرافیا تەسکەدا نەمێنێتەوە و تا خاسێتی نەتەوەیی بوون وەربگرێت؟ زەقکردنەوەی ئەم پرسیارە و کۆمەڵێ تێبینی تر لەسەر ئەو قۆناغە کاک عەتا دەگەیێنێتە ئەو بڕوایەی شیعر بە لاوازترین رەگەزی نووسین بۆ هەڵگرتنی فیکر دابنێت.

بەشی حەوتەم میرنشینی ئەردەڵان.

لێرەشدا ئاماژە بەوە دەدات کەوا ئەم میرنشینە دراوی خۆی لێداوە، فەرمانڕەواکانی خوتبەکانیان بە ناوی خۆیانەوە خوێندۆتەوە، میرەکانیشیان هانی خوێندەوار و نووسەرانیان داوە مێژووی هەر رووداو و چالاکی و دیاردەیەکی بنەماڵەکەیان بنووسنەوە. لە درێژەی باسەکەدا باس لەوە دەکات رەسەنایەتی گۆرانی کوردی لەو بەشەی کوردستان و ناوچەی هەورامان بەتایبەت پایەیەکی بەهێزی گووتاری کوردییە. ئاینی زەردەشتێتیش کاریگەرییەکی باشی لەسەر گووتاری ئەم میرنشینە هەیە. کاکی نووسەر دەپرسێ بۆ هەستی دەسەڵاتخوازی لای هیچ میرێکی کورد دروست نەبووە خۆی بکاتە فەرمانڕەوای هەموو ناوچەکە بە کورد و ناکوردەوە وەک ئەوانی دیکە؟. ئەمەش شایانی قسە لەسەرکردنیکی جددیە. پێم وایە سادە و ساویلکەیی تاکی کورد هۆکاری یەکەمی ئەم گرفتە مێژووییەیە. مامۆستا مەسعود محەمەد لەم رووەوە دەڵێ: ئەو رۆژەی هەخامەنشی بە رابەرایەتی کۆرش گرەوی لە (ماد)

بردەوە گلۆرەمان کەوتە لێژی. وەی کاشکی خوێنمژێکی ناپەسەندی مەلعوونی بێحەیا و بێشەرم مادەکانی زاڵ دەکرد بەسەر هەخامەنشییەکاندا ئینجا با قوڕی دنیامان بەسەر خۆماندا بکردایە بۆ ئەو رووداوە شەرمهێنەوەی بە سفتوسۆیەی جەرگبڕەی شەیتانپەرستانەی کە کوردی لە شەق و لەقەی بێگانە ئازاد دەکرد. وەی هەزار هەزاران کاشکی و خۆزگە و دەستی شکاوم!!.

بەشی هەشتەم گوتاری میرنشینی سۆران.

پوختەی بۆچوونەکانی نووسەر سەبارەت بەم میرنشینە، محەمەد پاشا کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە توانی رووبەری دەسەڵاتی میرنشینەکەی فراوان بکات و کاروبارەکانی رێکدەخات (...) هێزێکی باش پێکەوە دەنێت و کارگەی باروت و چەکی دروستکرد. ئەم جموجوڵ و پەرەسەندنەی لەم دەڤەرەدا روودەدات مەترسی لای عوسمانییەکان زیاد دەکات بۆیە بە یارمەتی والی بەغدا و والی موسڵ لەسەردەمی سوڵتان مەحمود دا پەلاماری دەدەن و میر بێ شەڕکردن خۆی بەدەستەوە دەدات و پاشان دەیکوژن. ئەم میرە بەتوندوتیژی بەناوبانگ بووە و پەلاماری میرنشینی بادینانی داوە. کەواتە ئەمیش هەڵگری هەمان ئەقڵێتی خێڵایەتی بووە و هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزم نەبووە. یەکێ لەو میرنشینەنانەی کەم تا کورت زۆر شتی لەسەر نووسراوە و بیروڕای جیاوازی دروست کردووە، میری سۆرانە. من لێرەدا خۆم لە چەند بارەکردنەوەی باسەکان دەبوێرم.

9 گوتاری کوردی لەسەردەمی شێخ عوبێدوڵڵای نەهریدا.

کاک عەتا دەنووسێ کەوا شێخ عوبێدوڵڵا خاسێتی فراوانی نەتەوەیی بوونی هەبووە و شێخێکە سەرکردایەتی داخوازییەکانی کوردی کردووە. لە نامەیەکیدا بۆ باڵیۆزی بەریتانیا دەنووسێ: نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، ئاینیان لە ئایینی ئەوانی تر جودایە، یاسا و نەریتیان جیاوازە(...) دیسان ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین، دەمانەوێ کاری خۆمان لە دەستی خۆماندا بێت. لێرەدا پەیامی شێخی نەهری بۆ جیاوازی نێوان کورد و ئەوانی دیکە نیشان دەدات. ئەم خۆ جیاکردنەوەیەش سەرهەڵدانێکی ناسیونالیزمی پێوە دیارە.

10 حاجی قادری کۆیی و وەهمی گوتاری کوردی.

نووسەر بە کورتی ژیانی حاجی بەسەر دەکاتەوە و پێی وایە سەردەمی هەرزەکاریی حاجی هاوزەمانی چەند میرنشینێکی کوردی بووە و حاجی بۆ ئەم دەسەڵاتە کوردییانە هیچی نەووتووە و پابەندییەکی خۆی بۆیان نیشان نەداوە. پاشان بەراوردێکی کارەکانی بە هی نالی و سالم و کوردی پەیوەندییان لە رێی دەقە شیعرییەکانیانەوە بۆ میرنشینەکان دەکات. ئەمەش بەڵگەی ئامادەنەبوونی حاجییە لە پێکهێنانی گووتاری کوردیدا بەر لە ئاوارەبوونی.

پاشان باس لە نەبوونی سیستەمی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیا و چینی بۆرژوازی و نەبوونی ڕۆشنگەریی دەکات لەو سەردەمەی حاجیدا و گەرەکێتی حاجی بکات بە ڕۆڵەی ئەم هەلومەرجە و بۆیەشە هەستی نەتەوەیی لای حاجی بە کز و لە ئاستی نەبوودا دادەنێت. دوای ئاوەرەبوون و گیرسانەوەی لە سایە و هەواری بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا سەرەتای گووتاری کوردی لای حاجی بە دیار دەکەوێت.
ئاوارەبوونی حاجی بینینی گۆڕانە گەورەکان لە پەنجەرەی شارێکی بەرفراوانی وەک ئەستەمبوڵی ئەو کاتەوە پتر هانی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی حاجی دەدات. لێرەوە حاجی تەماشای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی تورکی کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە. کاک عەتا پێی وایە دەقە شیعرییەکانی حاجی کە باسی گوتاری کوردی لەخۆگرتووە، لاواز و دروشمئاسان و کەمتر فیکر و مەعریفەیان لەخۆ گرتووە. لە کاتێکدا بەدەیان زانا و لێکۆڵەرەوە و شارەزای کورد پایەی حاجی لە شوێنگەی ناسیونالیزمی کوردیدا بەرز رادەگرن، وا هەوڵی کاک عەتا بۆ لێسەندنەوەی ناسنامەی ناسیونالیزم لە حاجی دەشێ سەیرترین پرسیاری خوێنەر پێکنهێنێت؟؟؟.

11 ڕۆژنامەی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی کوردی.

بە گەشتێکی وورد و بابەتییانە باس لەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان دەکات و کۆمەڵێ پرسیاری هەستیاریش دەخاتە دوو توێی لێکۆڵینەکەیەوە. بە تێکڕا ڕووبەڕووی پرسیارێکمان دەکاتەوە کەوا دەشێ بزوتنەوەی ناسیونالیزم بووبێتە هێزێکی جەماوەریی و لەو نەتەوەیەدا هێشتا نووسین بە زمانی نەتەوە ئامادەبوونی نەبێت؟ هەڵبەت زەحمەتە بووترێت نوسین بە کوردی لەدەرەوەی شیعردا نەبووە، هەروەک چۆن دژوارە بڵێین کەوا ڕۆژنامەی کوردستان سەرەتای نووسینی بابەتی سیاسی و فیکری و مێژوویی و مەعریفییە گەر بە کزیش بێت؟ برای نووسەر ئەوە لەبیر خۆی دەباتەوە کە شالاوی داگیرکەران هێندە قورس و درندانە بووە، کورد نەیتوانیوە تەنانەت ڕۆژنامەیەکیش لە نیشتمانەکەی خۆیدا دەربکات. کورد هەرجۆرە جوڵە و سەربزێوییەکی کردبێت ئەم دەسەڵاتانە هەرجارە و بە یارمەتی زلهێزێکی دیکەی وەک ئینگلیز و ڕووس سەرکوتیان کردووە. کە ئەمە حاڵی کوردبێ و کوردستانیش پێخوستی ئەو هەموو داگیرکەر و دوژمنانە بێت، چ دەرفەتێ بۆ شتەهایەکی دیکە دەمێنێتەوە؟؟!. نوسەر ئاماژە بە نووسینێکی میقداد بەدرخان دەدات و مانا و هێماکانی پاڵنەری دەرکردنی ڕۆژنامەکەمان بۆ دەردەکەوێت و لێیەوە ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی و زانایی ئەو کەڵە پیاوەی کورد بەدیاردەخات. گرنگی دەرکردنی ڕۆژنامەکە سەلماندنی ئامادەگی کوردە بەناسنامەیەکی سەربەخۆی خۆیەوە لە دەورانی ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانلیدا. کاک عەتا هەر لەم میانەدا باس لە گووتاری کوردی ئایینی و عەلمانی جیاوازی و هۆکارەکان و بەراوردکردنیان بەیەکتر دەکات و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات. سەرنجێکی پێویستی من لەم ڕوانگەیەوە بریتییە لەوەی کە گوتاری فارسی بە گرنگترین ڕەگەزی ئایینی و مەزهەبی شیعەگەرێتی ئاوێتە بووە و گوتاری فارسیش لە عەرەبیدا نەتواوەتەوە. دەمێنێتەوە بڵێین

کارێکی ئەستەمە بە ئێستاشەوە گوتارێک سەرهەڵبدا لە دژی ئاراستەی گشتی ئیسلام بووەستێتەوە!. هیچ هێزێکیش نییە بتوانێ لەو دەڤەرەدا سەرەڕۆیی وا بە نەتەوەکەیەوە بکات. بەر لە کۆتایی کاک عەتا خاڵێکی هەستیار تێکەڵ بە پرسی گوتاری کوردی دەکات و لای وایە پرسی هاوئایینی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا وای کرد کورد بەشداری سوارەی حەمیدییە بێت و بەشداری لە کوشتاری ئەرمەندا بکات. راستی ئەوەیە ئەوە بڕیاری دەسەڵاتی سیاسی سوڵتان بووە و ئەو کوردانەی بەشداری ئەو کارەساتە بوون فەرمانی سوڵتانیان وەک سەربازێک جێبەجێ کردووە. ئا لەو ساتەوەختەدا کە ئەرمەن رووبەرووی ئەو کوشتارە دەبێتەوە بە سەدان ئەرمەن لە نێو باوەشی ماڵە کوردی موسڵمان و بگرە سەرەک خێڵ و کەسانی تردا داڵدە دراون و پارێزراون. بەڵگەی مێژوویيش لەم رووەوە گەلەکن و پێویست بە ئاماژە پێدانیان ناکات.

12کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی و گوتاری کوردی.

دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە و پەیوەندییان بە ئیتحاد و تەرەقی تورکییەوە و کاریگەریی دووەم لەسەر یەکەمیان جێی باسی نووسەرە. نوسەر لە پوختەی بیروبۆچونەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە و گوتارەکەی لاساییکردنەوە تورکەکانە. هەڵبەت هیچ نەنگییەک لەمەدا نییە چونکە پیاوێکی وەک رۆسۆ و چەندانی دیکەی تری فەرەنسیش لەژێر کاریگەرێتی لیبەڕالێتی ئینگلیزیدا کاریان کردووە و زەمینەیان بۆ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا خۆشکردووە.

13 راپەڕینی ساڵی 1914 ی بەتلیس و گوتاری کوردی.

کاک عەتا دەنووسێ کەوا لەم راپەڕینەدا عەبدولرەزاق بەدرخان هەوڵی داوە بە پشتیوانی رووس دژی بابی عالی بوەستێتەوە. دوای دەستگیرکردنی مەلا سەلیم راپەڕینەکە دامرکاوەتەوە. ئەم راپەڕینەش بەرهەمی ناسیونالیزمی تاکە کەسییە و بوونی ناسیونالیزمێکی جەماوەری ئامادەگی نەبووە.

14گوتاری کوردی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

کورتەیەکی رووداوەکانی ئەو سەردەمە و بارودۆخی تێوەگلانی کورد لەنێو شەڕی تورک و ئەڵمان و رووس و ئینگلیز و بێبەرنامەیی کورد لەو میانەدا دەخاتە روو. سەرجەم هۆکارەکانیش بۆ لاوازیی کەسێتی نەتەوەیی کورد و نەبونی هۆشیاریی نەتەوەیی دەگێڕێتەوە.

15 گوتاری کوردی لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمدا.

هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغە ناسکەی مێژووی کورد سانا نییە. کاک عەتا پێی وایە کورد لەبەردەم دوو بۆچووندا گیری خواردووە. لە لایەک نوخبەی کوردی هەڵگری گوتاری ناسیونالیستی بوون و داوای سەربەخۆیی کوردستانیان بڵندکردۆتەوە. لە لاکەی دیکەشەوە جەماوەر هێشتا لە دنیای دواکەوتوویی و ئەقڵێتی خێڵایەتیدا تلاوتلیان بووە. ئەم دوو بەرەیە بە خاڵی هاوبەش بۆ پێکهێنانی گوتاری ناسیونالیزمی نەگەشتوون. دواتر نوسەر دێتە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی ناسیونالیزم و رۆڵی ئینگلیز و پەیوەندیی و مامەڵەی شێخ مەحمود لەم بوارەدا. نوسەر کاتێ باس لە نەبوونی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی جەماوەری هەڵقوڵاوی نێو واقعی کۆمەلایەتی کوردستان دەکات، کەوتۆتە هەڵەیەکی زەقەوە دەڵێ: گەر بزوتنەوەیەکی ئەوتۆیی لە کوردستاندا پەی پێ ببرایە، وا ئینگلیزەکان پەیوەندییان پێوە دەکرد و نەدەچوون بەلای ئاغا و سەرەک خێڵەکانەوە.

هەوڵی ئینگلیزەکان بۆ سنووردارکردنی بزووتنەوە ناسیونالیزمەکانی شێخ دیار و ئاشکران. وەک لە شوێنی دیکەشدا ئاماژەمان پێداوە، ئینگلیز بەر لە هاتنی بۆ ناوچەکە و لە 1916 دا پەیماننامەی سایکس پیکۆی لەگەڵ فەرەنسادا مۆرکردبوو. ئەو جانتا دبلۆماسییەی ئینگلیز هیچی بۆ کورد لە خۆ نەگرتبوو. بە باوەڕی من تاکە گلەییەک لەسەرانی ئەو کاتە بگیرێت و رەوا بێت ئەوەیە کەوا دەیانتوانی نەخشەکەی سایکس پیکۆ تێکبدەن و خەونەکەیان پوچەڵ بکەنەوە. ئەمەش بەو بۆچوونانەی کاک عەتاش باوەڕی پێیەتی. کە بەداخەوە سەر لە شێخیش شێوێندراو و نەتوانرا رۆڵی پێویست وازی بکرێت.

16 شەریف پاشا ناسیۆنالیستێک لە دەرەوەی واقیع.

گەشتێکی بە ژیان و تێکۆشانی جەنەڕاڵ شەریف پاشادا بە تایبەت لە بوارە نێودەوڵەتی و دبلۆماسی و لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستاندا لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بەشێکی سەرەکی نوسینەکەی کاک عەتا پێکدێنێت. نوسەر پێی وایە گۆرانکارییەکانی نێو هەناوی هەردوو جەنگی جیهانی هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی شەریف پاشان وەک ناسیونالیستێک. شایانی ئاماژە پێدانە کە هەوڵەکانی ئەم زاتەی کورد لەلایەن شێخ عەبدولقادری نەهری و ئەمین عالی بەدرخان و کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و شێخ مەحمودی نەمریشەوە بە گەرمی و دڵسۆزانە پشتیوانی لێکراوە. ئەمەش هێمایەکی باشی نیشاندانی سەرهەڵدانی یەک بەرژەوەندیی نەتەوەیی لای ئەم سەرکردانە و بەشانەی کوردستان دەسەلمێنێت. سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ئەم پاشایەی کورد بە لای نوسەرەوە دەگەڕێتەوە بو دوو هۆکار:

1ـ دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی ئامادەنەبوونی ناسیونالیزم تێیدا.
2ـ دووری شەریف پاشا لە واقعی کوردستانەوە.

17 شوێنی شێخ عەبدولقادری نەهری لە گوتاری کوردیدا.

سەبارەت بەم کەسایەتییە گەورەی مێژووی کورد نوسەر بە چەند باسێک لەسەر ژیان و پێگەی ئایینی و سیاسی و بنەماڵەیی و رۆڵی لە رووداوە هەستیارەکانی سەدەی نۆزدە و بیستدا دەست پێ دەکات.
دواتر باس لە هەڵوێستگۆڕییەکی ئەم زاتە دەکات چۆن بۆ پشتیوانی داوای سەربەخۆیی شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا پشتیوانی دەکات، دواتر پاش کۆتایی جەنگ دروشمی ئۆتۆنۆمی بڵند دەکاتەوە. ئەم هەڵوێستە وا لە برای نووسەر دەکات بڵێ: بەشی هەرە زۆری تاکە ناسیونالیستەکان نەیانتوانیووە بە جێگیری لەسەر بیروباوەڕی خۆیان یان لەسەر هەڵوێستی خۆیان بمێننەوە. سەرئەنجام ئەم سەرکردە کلاسیکییەی کورد لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی، ساتێ بەشداری شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەکات و شکست دەخۆن لەتەک هەزارانی دیکەدا لەسێدارە دەدرێت.

18 عەبدولرەزاق بەدرخان ناسیونالیستێک لە وەهمدا.

بنەماڵەی بەدرخانییەکان بەدەیان رۆڵە و سەرکردەی دڵسۆز و رۆشنبیر و هۆشیاریی نەتەوەییان تێدا هەڵکەوتووە کە بە گیان و ماڵی خۆیان فیداکارییان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا کردووە. ئەم سەرکردە هۆشیار و هەڵکەوتووەی کورد شاگردی بەردەستی حاجی قادری کۆیی بووە و لەسەردەستی ئەمدا شیرمژی کوردایەتی بووە. چەند زمانێکی بێگانەی زانیوە و کۆمەڵێ پۆستی گرنگی لەدەسەڵاتی عوسمانیدا هەبووە. باوەڕی بە تورکە لاوەکان و ئینگلیز نەبووە و مەیلی زیاتری بەلای رووسەکاندا بۆ پشتیوانیکردن لە کورد هەبووە. نوسەر پێی وایە ئەم سەرکردەیە زیاتر پشتی بەدەرەوە بەستووە لەوەی بە هێزی میللەتەکەی. بێ ئەوەی بمەوێت لەسەر ئەم سەرکردەیە بکەمەوە پرسیارێک لە کاک عەتا دەکەم کێ لەم دنیایەدا و بە تایبەت لەو دەڤەرەی ئێمەدا بێ پشتیوانی دەرەکی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟! کاتێ ع. بەدرخان لەئاستی هۆشیاری نەتەوەکەی بە ئاگایە و دڕندەیی داگیرکەران دەبینێ، ئەوجا ناچاریی بیری بەلای هاوکاریی و پستیوانی دەرەکیدا دەبات. رووسیش داگیرکەری کوردستان نەبوون، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم هێزە بەهێزە ناوچەییەی ئەو کاتەی رووس کە ئامادەیی لەسەر گۆرەپانەکە هەبووە، بەلای منەوە بۆ ژیرێتی و ووریایی و خوێندنەوەیەکی باشی واقعەکە دەگەڕێتەوە نەک متمانە بەخۆ نەکردن. جگە لەمەش چ ئەم سەرکردە و چ ئەوانی دیکەش گەر دەستی هاوکارییان بۆ ئەم جۆرە هێزانە رانەکێشابایە، وا هەم کاک عەتا و هەم دەیانی تر بە توندی رەخنەیان لە وەتاقکەوتنەوە و دابڕانیان دەکرد . بۆیە هەقی خۆمانە بڵێین ئەم سەرکردە لە وەهم بە دوور بووە و بەدوای میکانیزمێکی تردا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وڵاتەکەی لە گەڕدا بووە.

19 گوتاری بزوتنەوەی سمکۆی شکاک.

بەسەرکردنەوەی هەندێ وێستگەی ژیانی سمکۆی شکاک و جموجوڵە سیاسییەکانی و پەیوەندییە نەتەوەییەکانی لەگەڵ سەید تەها و عەبدولرەزاق بەدرخان و شێخی نەمر و چەندانی تردا دەرگای باس لای نوسەر بەرووی ئەم سەرکردە لێهاتووەی کورد دا دەکاتەوە.
هەموو هەوڵەکانی سمکۆ بە سەرکردە کوردەکانی ترەوە لە ڕێی هەستی نەتەوەیی و ئاڵوگۆری بیروباوەر و خوێندنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە بووە. وەک پیاوێکی نەخوێندەوار بەڵام تا سەر ئێسک دڵسۆز و فیداکار بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئامادەگی لە مێژووی نەتەوەدا سەلماندووە. وەک کاک عەتا دەنووسێ: سمکۆ هەم باوەڕی بە یەکێتی نەتەوەیی کورد هەبووە و هەمیش بە پشتگیریی و یارمەتی دەرەکی. سەرباری هەوڵ و تەقەلای زۆری ئەم کەڵە سەرکردەیە نووسەر گوتارەکەی بە گوتارێکی هەرێمیی دەداتە قەڵەم.

20 گوتاری راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران.

رەخنەی نووسەر لەم راپەڕینەش ئەوەیە کە ئەمیش خاوەنی گوتار و بەرنامە و پرۆژەیەکی دیاریکراوی ناسیونالیستی نەبووە. ئایا پرسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت چەندی لە جوگرافیای کوردستان مەبەست بووە دیار نییە.

21 راپەڕینی ئاگریداخ و گوتاری کوردی.

ئیحسان نوری پاشا بە پشتیوانی ڕێکخراوی خۆیبوون سەرکردایەتی ئەم راپەڕینەی کردووە. نوسەر کورتەیەکی ئەم ڕێکخراوە و تێکۆشانی ئەم جەنەڕاڵەی کورد و شۆڕشەکەی دەکات و خوێندنەوەیەک بۆ گووتارەکەیان دەرئەنجام بەوە دەگات مەعریفە و جیهانبینی فیکری پێویستی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستییان تێدا بەدی ناکرێت و وەک هەرجارێکیش جەماوەر پێگەشتنی کۆمەڵایەتی ماوە بۆ ئاستی هۆشیاری و ئامادەگی راپەڕینی سەرتاسەری.

22 گوتاری شێخ عەبدولسەلامی بارزانی.

بە قسەی کریس کۆچێرا ئەم سەرکردەیە یەکەم کەسە بەرنامەی بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی کورد نووسیوە و داواکانی کورد بە لیستێک ڕێکدەخات و داوای بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی و خوێندن و پەروەردە پێی دەکات. ڕێبازی نەقشبەندی و هەستی نەتەوایەتی لەم کەسایەتییەدا ئامادەگی هەبووە. نووسەر دەڵێ: ئەم سەرکردەیە بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستانی نەبووە هێندەی داکۆکی لە جۆرە ئۆتۆنۆمییەک لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیدا کردووە و سەرئەنجام تورک لە سەر کوردایەتی لەسێدارەی دەدەن.

23 گوتاری ڕاپەڕینەکەی سەید ڕەزای دێرسیم.

لەتەک کورتەیەک لەژیانی ئەم سەرکردە دیارەی کورد دا کاک عەتا باس لەو ئازایەتی و هەڵوێستە جوامێرانەیەی سەید ڕەزا دەکات کە لەتەمەنی 72 ساڵیدا گیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان بەخت دەکات و تورکە داگیرکەرەکان دوای شکانی ڕاپەڕینەکەی لە دەرسیم لەگەڵ دوو کوڕی و سەدانی تردا لە سێدارەی دەدەن. لەم ڕاپەڕینەشدا وەک کاک عەتا پێمان دەڵێ گوتارێکی ناوچەیی هەبووە و جەماوەرێکی ناسیونالیستی لەدەوری کۆنەبوونەتەوە و تەنانەت نوخبەش ئامادەگی نەبووە. دوای شەهیدبوونی ئەم سەرکردەیە تا ساڵێ شۆڕشەکە بەردەوام بووە لەدواجاردا دەوڵەتی تورکی داگیرکەر زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە دایمرکاندۆتەوە.

24 گوتاری سەردار ڕەشید ئەردەڵان.

کاک عەتا باسێکی بنەماڵە و خەون و فەنتازیای دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە دەکات و پێمان دەڵێ کە ئەم سەرکردەیەیە بەر لە شتێ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵەیی کردۆتە ئامانج. ئارەزووی دەسەڵاتێکی سنوورداریان لەسایەی قاجارییەکاندا کردووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە لەرووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە ناسیۆنالیزم دەرنەکەوتووە. ئەم سەرکردەیە هیچ دیکۆمێنتێکی لەمەڕ پرۆژە و گوتاری ناسیونالیستییەوە لەدوا بەجێنەماوە.

25 گوتاری ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجی.
26 سروشتی گوتاری شێخ مەحمود لە روخانی حوکمداری یەکەمەوە.
27 گوتاری شێخ مەحمود لە دەورەی سێیەمی حوکمدارییەکەیدا.

لە نزیکەی 91 لاپەرەدا عەتا قەراخی باس لە ژیان و قۆناغەکانی گوتاری شێخ مەحمودی نەمر لە هەرسێ ساتەکانی حوکمداری و رەوشی شاری سلێمانی و ڕاپەڕین و رەگەزی گووتاری ناسیونالیستی لە شیعرەکانیدا دەکات. بۆ ئەم باسەش پشتی بەدەیان جۆری سەرچاوە بەستووە. بایەخی گرانی ئەم کارە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ لە رۆژگاری هەردوو جەنگی جیهانی و کێشانی نەخشەی سیاسی و دابەشکردنی سنوورەکانی پاش داڕمانی ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی ڕاپەڕین و جموجوڵی سیاسی کردووە.
مێژووی ژیان و پاشخانە سەرەکییەکانی دروستبوونی کەسایەتی شێخ و رۆڵی ڕێبازی قادری و پێگەی بنەماڵەیی لە شێخ مارف و شێخ سەعیدەوە بە چڕ و پڕی بەسەر دەکاتەوە. نووسەر پێی وایە لەم سات و دەمەشدا هێشتا ناسیونالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژییەکی جەماوەریی دەرنەکەوتووە. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە تا دەرکەوتنی ئیتحاد و تەرەقی بنەماڵەی شێخ جێی متمانەی بابی عالی بوون. دواتریش لێیان نەترساون و جیی مەترسی عوسمانی نەبوون،

هێندەی کەسایەتی مەولانا خالید کە دەبێتە جێی مەترسی تورکەکان لە ڕێگای بانگەوازی ڕێبازە ئاینییەکەیەوە و سەرئەنجام ئاوارە کرا.
خاڵێکی دیکەی نووسینەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا شێخی نەمر لەسەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا وەک سەرکردەیەک دەردەکەوێت. لەم قۆناغەشدا بۆ پشتیوانی تورک جارێک لە شوعەیبە دژی ئینگلیز و جارێک لە پێنجوێن دژی رووس دەجەنگێ. قەرەداخی لەم پێوەندییەدا پێی وایە شێخ هاوکاریی و دۆستایەتی ئەم هێزانەی بکردایە باشتر بوو لە داگیرکەرانی کورستان. ئەمەش دروست راستە و هیچ دەمەتەقێیەکی ناوێت. وەلێ وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئینگلیز بۆ کورد بەرنامەی پارچەکردنی نیشتمانی هێنا و گەرەکیشی بوو ریشی کورد بداتە دەست شەریف حسێنی حیجاز و وەک دواتریش مەلیک فەیسەڵیان بەسەر دەوڵەتە زۆڵەکەکەی ناونرا عێراق قووتکردەوە و دیفاکتۆیەکی دژوار و سەختیان لەبەردەم شێخدا هەڵتۆقان. بەم جۆرە شێخ ناچار بوو بە چەند کارتێکی جیاواز و لەچەند بەرەیەکدا یان لە دژی چەندان لایەن بکەوێتە ململانێوە. شێخ باش لە پلان و بەرنامەی ئینگلیز تێگەیشتبوو هەربۆیەکا نەبوونی متمانە بە ئینگلیز بەشێکی ئەو راستییانەیە کە بەدرێژایی بگرە و بەردەی سەخت و خوێناوی لەگەڵ ئینگلیزدا تۆمار کراوە.
ئەو عێراقە دروستکراوە درایە دەست کەسانێک ـ بنەماڵەیەک شێخ بە دەیان پلە لەوان شایستەتر بوو.
لەم قۆناغەشدا وەک کاک عەتا پێمان دەڵێت، کاروباری بەڕێوەبردنی دەسەڵات لای شێخ ناتەواو و نارێکوپێک بووە، ناسیونالیزم بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی جەماوەرەوە ئامادەگی نەبووە. دەستەبژێری رۆشنبیرانیش لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا هێڵراونەتەوە و رێی بەشداریی حوکمیان نەدراوەتێ. ئاوەزی جوگرافی و سیاسی هەر بۆ ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری بووە. ئەمانەش کورتهێنانە لە بەرانبەر گوتارێکی سەرتاسەری ناسیونالیزمانەدا.
دەرئەنجام بە شیکردنەوەی پارچە شیعرێکی شێخی نەمر کۆتایی بە باسەکەی دێنێ. شایانی گووتنە کە گەلێ لە بیروبۆچوونەکانی شیاوی قسە لەسەرکردنێکی جددین بە تایبەت لە لایەن شارەزا و پسپۆڕانەوە.

28 گوتاری کۆماری مەهاباد.

چوونە نێو باسەکە بە مێژووی کۆمار و پاشخانە مێژووییەکەی بزوتنەوەی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا دەست پێدەکات. ئەو سەرنجەی پێویست بێت لێرەدا دەریبڕم ئەوەیە لەم سەروبەندەدا کە کۆمەڵەی (ژ.ک) دروست دەکرێت، کەسایەتییەکی وەک میر حاج وەک نوێنەری حیزبی هیوا ئامادەگی هەبووە و رێنمایی دروستکەرانی رێکخراوی ناوبراوی کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە نووسەر پێی وایە گوتاری هەموو پارت و راپەڕینەکان ناوچەیی و خێڵایەتی بووە و دابڕاو بووە لە ناوچە و بەشەکانی دیکەی کوردستان.
کاک عەتا ئاماژە بە چوار کۆڵەکەی سەرەکی سیاسەتی کۆمەڵە دەکات کە خۆی لە دروشمەکانی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت و ئاشتیخوازیدا رەنگ دەداتەوە. تۆزێ

پاشتر نووسەر باس لە پەیدابوونی لەشکری شورەوی دەکات لە ناوچەکە و دامەزراندنی پارتی کۆمەنیستی ئازەربایجان دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گووتاری کۆمەڵە کتومت رەنگدانەوەی گووتاری پارتی کۆمەنیستی ئازەربایجان، شوورەوی و تودەی ئێرانە. ئەم بۆچونەش لەگەڵ ئەو 4 بنەما سەرەکییەی لەسەرەوە پەنجەمان بۆ راکێشا جووت نایەتەوە! دواتر باس لە کەسایەتی قازی محەمەد و رۆڵی لەو میانەدا دەکات. لێرەدا قسەیەکی جددی لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی وەک دروشمی نێوەندی حیزبی دیموکراتی ئێران دەکات و دەڵێ داوای ئۆتۆنۆمی مۆدێلێکە شێخ عەبدولقادری نەهری هێنایە نێو ئاوەزی سیاسی کوردەوە جێی بە داوای سەربەخۆیی لێژ کرد. دواتر دێتە سەر شرۆڤەی چاکە و خراپەی پشتیوانی شوورەوی لە کۆمار.
قورسترین دێڕەکانی ئەم باسە لەسەر مەسەلەی خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا لەنگەر دەگرێت و برای نووسەر شیکارێکی جوانی رووداوەکان دەکات. دواجار پێمان دەڵێ لێرەشدا ناسیونالیزمی پێویست لەدایک نەبووە و ئاوەزەکەمان ناکامڵ بووە.

29 کورد: کۆمەڵگای داخراو و گوتاری خواستراو.
30 کورد: گوتاری توندوتیژی و کەلتوری داخراو و عەقڵی بەرهەمهێنی تیرۆر.

لەم دووبەشەدا پێش ماڵئاوایی لەو بابەتە هەستیارانە چڕو خەستی باس لە چەمکی گوتار و کۆمەڵێ دیاردەی ناتەندروست و ترسینەر لە هەناوی گوتاری کوردیدا دەکات. پاشان بەووردی ئەو ئاڕاستە و هۆکارانە دەخاتە روو کە کاریان بە نەرێتی لەسەر کەلتووری کوردی کردووە. لای کاک عەتاش راستییەکی حاشا نەکراو هەست پێدەکرێت، ئەویش رەنگدانەوەی نەرێتی کەلتوور و ئەقڵێت و رەفتاری ناپەسەند و ناشارستانی داگیرکەرانە لەسەر کەسایەتی تاکی کورد و رەهەندە دوور و نزیکەکانی بیرکردنەوە و رەفتاری ژیانێتی.
کارکردن لەم کایە گرنگ و هەستیارەدا لەنێو دەستەی رۆشنبیرانی ئێستادا شێوە تابوو و ترس و سڵەمینەوەیەکی لەخۆ گرتووە. لای هەندێکی دیکەش لە پلەی گوناه و تاوانێکدا ریزبەند کراوە. ئا لەم دیدەوەیە رەنج و ماندووبوونی کاک عەتا لەم مەیدانەدا بەو تەنیا باڵییەوە شایانی رێزلێگرتنە.
وێڕای دەسخۆشی لەو برا هێژا و رۆشنبیرە بە پەرۆش و جددییەی نەتەوەکەمان هیوام وایە بە بەرگی تر و بەرهەمی دیکەی ناوازە بەردەوام بێت لەسەر دەوڵەمەندکردنی زیاتری فەرهەنگ و کتێبخانەی کوردی.

---

سەرچاوەکان:
* تاریک و روون، هێمن.
** کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، بەرگی یەکەم .. حسێن مەدەنی.